# گمەگمی شەوبێداری

نەوزاد ڕەفعەت

**لەژێر گڵۆپێکی کزدا**
**لەبەر دەرگا هەڵکوڕماوە و**
**لە گۆمی سەراب ڕاماوە**
**ئەمشەو سیمرخی زیندەخەو**
**دەیباتەوە واری جاران**
**دەیباتەوە لانەی ئامێزی دەزگیران**
**لەوێ بۆنی گوڵ خۆشتربوو**
**گوڵەستێرە و**
**ئەستێرەی ژوانگە گەشتربوون**
**لەوێ خوناوی خەندەیان لێ دەباری**
**لەوێ کۆتر و بلبلیان لێ هەڵدەنیشت**
**شیلەی شێتبوونیان دەنۆشی**
**خۆیان بە باڵی یەکتری دادەپۆشی**
**ئەوینێ بوو بێستوونانە قووڵ**
**ڕ**
**ۆ**
**چ**
**وو**
**ب**
**وو:**
(هێشتا گمە و گەمەتم بیرنەچۆتەوە
هێشتا تامی ئاوێزانتم لە زاردایە
خورپەی دڵتم لە سنگدایە
سیمات وەک سۆما و فرمێسک لە چاودایە
وا گوێم لە زیڕە و فریادتە
گوێم لە سیڕە و دادە دادتە
/وا هاتم هات
هێندە نەماوە بێمە لات(*)/
زۆر نەماوە ببڕێتەوە ڕێگای ئازار
بیابان! هۆ هۆ بیابان!
دەزگیرانەکەم وێدەوە
وێم دەوە وێ
تاوێ هەڵی بمژمەوە
بۆنی بەهەشت دەگرمەوە
بسک و کەزیم ڕەش دەبنەوە
گەلەگورگ پێش خۆیان دای
خودایە قۆچیای لێ بڕوێ!



کوللە و بەردیان لێ بباری!)
ڕەشبگیربوو
دار لەترسان هەڵدەلەرزین
تەیر و هەور
بۆ دوور و بەرزتر دەفڕین
خوڕەی شاردەوە جۆگەلە
سەمای بیرچۆوە پەپوولە
دەستیان درێژبا پێرووشیان دەڕنی و دەدزی
لەوەتی بووین
حەزرەتی مریەمە ئاسا
نەیمای ناڵەی هەڵڕشتووە
لە دەرکەی داوین گەردەلوول
لافاوی سوور بێشکەی بردووین
لوورەلوور نەیهێشتووە بنووین
"تیغی تیژترمان لە پیشت و سنگ چەقیون
بشکێنرێین هەڵدەچینەوە
لە ژێلەمۆی خۆمانەوە دەژیێینەوە"
بڕۆنەوە
گۆشتی پێوە نەما ئێسقان
ئامێز لە سەهۆڵ سارترە
جگەرگۆشە و ئازیزانمان بدەنەوە

شار خەوتووە
تەکسییەکانیش چوونەتەوە
هەر دەگمێنێ
هێشتا لە سەراب دەڕوانێ
جار بە جاریش لەخۆیەوە پێدەکەنێ
چاوەڕوانە گزنگ بدا.. هەڵبێتەوە و
قامکە نێرگزی نۆخژن
لە گوڵدانی دڵی شکاو
لە گوڵدانی شکاوی دڵ
لە دەستی لەرزۆک دابنێ و
ڕوون بکاتەوە چاوی لێڵ
شیرین بکاتەوە دنیا
گەش بکاتەوە ئاگری
شەوانی
شوانانی
قەدپاڵ
کاتێ شمشاڵی شین ژەنرا
کە بەردی کۆست لە کۆڵ نرا
کە شوێن و کات بوونە زیندان
شینگێڕان و سەر لەبەرددانیش بێهوودەن

"نەخێر چەخماخەی مزگێنیی فریادڕەسان
شەوگار دەکاتە چراخان!"

کوردستان گیان!
زێدی قوربانیی بێ گوناح
بن خاکی میزۆپۆتامیاش خڕ ئێسقانە
یادگەی دیرۆک دەگێڕێتەوە، دیمەنی
قافڵەیێ لەلاق بە زنجیر
ڕووەو کۆیلەخانەی بابل بەڕێوەبوو
زیقژنی شەست هەزار یەخسیر
تاشە بەردیشی دەگریاند
لەمەی ڕیشۆڵەی قەفەس و
تۆڕەکانی ئێرە دەچوو
شێرێ ئەم پەردەیەی بینی و سەری بادا
تێر پێکەنی: "بە ئێمەش دەڵێن دڕندە!"

ئەو نیگارەی سبەینێ دیم
زۆر برینی کولاندەوە
ئێستاش لەگەڵیدا دەژیم
وا ئاسمان هۆن هۆن فرمێسکان
بەسەر دۆزەخی ژیاندا دەپرژێنێ
زەنگی بانگی کەڵەشێرێ
فەرامۆشی دەبەخشێتە شەوبێداران
درەنگ داهات
تەقە تەقی دەرگاکە هات
وا گلۆڵە سەرسپییەکە چۆوە ژوورێ
منیش دەرگای ئەم هۆزانەی خۆم قفڵ دا
ماڵئاوا دادە ماڵئاوا
/بەڵکو بەڵکو ئەم هەفتەیە گەڕانەوە!(**)/

* دەقی ژانی ڕاستەقینەی لە گڕکانی
خودی ڕاستگۆوە هەڵقوڵاو
شایانی سەمایە سەما
هەسارانە
پەیڤەکان دەسووڕێنەوە
بە دەوری ڕۆژی بەهەرەدا

٢٠١٩/١٢/١٤ – پێنجشەممە ٢٠٢٠/١/٢٣

(*) قفڵی چیرۆکی (پایزێکی سارد)ی پیری ئەدەبی ڕووسیایی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ (ئیڤان بۆنین).
(**) چیرۆکی (شەهیدەکان ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە)ی چیرۆکنووسی ناوداری جەزایری (ئەلتاهیر وەتتار).